کرێکارانی جیهان یەکگرن !

# ڕێگای گەل

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست

دەورەی تازە | ژمارە ۱۱ | جومعه ۱۳۸۱/۹/۱ | Nov,22th ,2002


## ڕێگای گەل

## و ٢٣مین ساڵڕۆژی بڵاو بوونەوەی

بە هاتنی مانگی سەرماوەز ڕێگای گەل ۲۲ساڵەی چالاکی خۆی تێ پەڕ کرد و ساڵێکی دیکە لە چالاکی و تێ کۆشان لە پێشەوەی خۆی کردەوە.

لە دەورەی تازەی بڵاو بوونی ڕێگای گەل توانیوە ببێتە جێگای متمانەی هەموو هاوڕیانی ئێمە لە ناو ڕێکخراودا.

ڕۆڵی ڕێگای گەل لە خەباتی دژی ئوپورتونیزم لە ناوخۆ ڕێکخراو و هەروەها لە ئاستی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی و بەشداری چالاکانەی لە بابەتەکانی پێویستی بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەی گەلی کورد ڕاسێتکی حاشا هەڵنەگرە .

ڕێگای گەل ئەگەر چی ئورگانێکی ناوچەیی ڕێکخراوی ئێمە بووە، بەلام لە باری بەر فراوانی ئیتوری لە بابەتەکای بزووتنەوە و بە هۆیَ ڕۆڵی چالاکانەی لە یەکێك لە گورەپانەکانی مەزنی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران ، ئەوەندە پڕ بارە کە تەنانەت ئوپورتونیستەکان و ئەوانەی کە خەباتی کۆمۆنیستی تەنیا لە قسە کردن بەر بەست کردوون ناتوانن حاشا لە ڕۆڵی گرینگی ڕێگای گەل لە خەبات دژی مڵ کەچی و پاسیفیسم لە مەودای ۲۲ ساڵەی ژیانی بکەن.

ڕێگای گەل لە مەودای بڵاو بوونی نەك تەنیا تریبونی دیفاع لە بەرژەوەندی و قازانجی پرولەتاریا لە خەبات بۆ وەدی هاتنی داخوازیەکانیان ، تێ گەیشتنی بنەڕەتی کۆمەڵانی چەوساوە بە نیسبەت قازانج و بەرژەوەندی چینایەتیان و خەبات دژی بۆچوونەکانی بە لاریَ چووانە و ئوپورتونیستی کە تیَ دەکۆشن لە گەڵ بە پێچەوانە نیشان دانی ڕاستیەکان ، ڕەوتی خەباتی چینلیەتی لە ڕێگای دروستی خۆی بە لاریَ ببەن ، وهەروەها تریبونی دیفاع لە بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەی گەلی کورد و پیَ ڕاگەیاندن و بڵاو کردنی پێویستی بە هێزتر بوونی بزووتنەوە، پێك هێنانی گۆڕانکاری ئەساسی لە بواری سیاسی ئەو ، گونجاو لە گەڵ هەل و مەرجەکانی جۆر بە جۆری ئەو و لایەنگری ڕاستەقینە و سەرسەختی ئامانجەکانی ڕادێکاڵ و شۆڕشگێرانەی بزووتنەوە بووە ، بەڵکو پێش لە هەموو شت وتەی بە کردەوەی ئاواشێوازێك لە ئاستی ناوخۆیی تەشکیلاتی ئێمە ، و ئامرازی بە کردەوەی بەرەو پێش بردنی سیاسەت، پروگرام و شێوازی پرولەتری لە هەموو بوارەکانی چالاکی ڕێکخراوی ئێمە، و لە یەك ووتە دا، ڕێگای گەل یەکێك لە ئورگانەکانی ئەسڵی بۆچوونی شۆڕشگێرانەی مارکسیستی _ لنینیستی ڕێکخراو لە مەودای ژیانی و پێشرەو و ووتەبێژی ئاوا بۆچوونێك لە گۆڕپانی چالاکی ئێمە لە جوولانەوە و بەیانی بە کردەوە و مادی ئەو تەنانەت لە وردترین بوارەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە کوردستان بووە.

ڕێگای گەل لە مەودای ژیانی خۆی، سیاسەتی وەك بابەتێکی دریژ لە ڕووداوەکان مانا نەکردووە. نهێنی سەرکەوتنی ڕێگای گەل لە وەرگرتنی سیاسەتی ڕوون لە سەر ئەساسی بەرنامەێکی ئوسولی و گۆڕینی ئەو بە مادیەت لە پرۆسەکانی بە کردەوەی بزووتنەوە بۆ ئاڵ و گۆڕی ڕاستیەکان و هاو ئاهەنگ بوونی تەواوی هەڵوێستەکانی ڕێگای گەل لە گەڵ پێویستیەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەی گەلی کورد بووە.

ڕێگای گەل لە دەورەی تازەی بڵاو بوونەوەی تێ دەکۆشی ڕۆڵی چالاکانە و خولقێنەری لە ڕەوتی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد ببینێ هەرچەند گرفتەکانی تەکنیکی و مادی زۆر لە بەرانبەر بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکە لە بەر ئێمەیە .

بەڵام نهێنی ڕانەوەستان و بوژانەوەی ڕێگای گەل لە خێرا بوونی پرۆسەکانی شۆڕشگێرانە لە کوردستان و ئاڵ ٚوگۆڕ لە هاوسەنگی ناوخۆیی ئەم جوولانەوە بە قازانجی ڕادێکالیزمی خەڵکیە، ئەمرویش هیچ کام لە گرفتەکانی بەردەم ڕێگای گەل ، ناتوانی ڕێگا لە تێکوٚشانی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی لە بەرانبەر بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد بگریَ.

ڕێگای گەل دەبیَ بە کەڵك وەرگرتن لە کێوێك لە ئەزموون، ڕۆڵی خۆی لە ڕەوتی جوولانەوەی شۆڕشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بناسیَ و بە ئیمانی پتەو درێژە بە ڕێگای خۆی بدات .

ئەمەیش مومکین نیە جگە لە تیکۆشانی بەردەوام و بەشداری چالاکانەی هەموو هاوڕیان لە کار و چالاکی شۆڕشگێرانە و هەستی بەرپرسایەتی لە بەرانبەر ئامانجەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە.

دەستەی نووسەرانی ڕێگای گەل


بەشی نۆهەمی بەڕێوە بردنی بڕیارەکانی سەدەی ناوەڕاست

لاپەرەی ۲,۳

ئەدەبیاتی شۆڕشگێرانە و یادی شەهیدان

لاپەرەی ٤

یادی ۱٦ی سەرماوەز ڕۆژی دانشجوو

لاپەرەی ٥

مانای ئەمنیت وئاسایش لە ڕوانگەی وڵاتانی ئیمپریالیستی

لاپەرەی ٦

چەمکی ژن و ئازادی

لاپەرەی ۷

بزووتنەوەی ئازەربایجان (کۆماری خودموختاری ئازەربایجان ) و ئەزموونەکانی

لاپەرەی ۸,۹

ووشەی سیاسی

لاپەرەی ۱۰


کار ، خانوو ، ئازادی ، کۆماری فیدراتیوی شوورایی !

## بەشی نۆهەمی بەڕێوە بردنی بڕیارکانی سەدەی ناوەڕاست

### ئەلف _ چاوەدێری و دەس نیشان کردنی نەیارانی ئامادەی چالاکی و زیندانیانی ئازاد کراو.

کۆماری ئیسلامی کۆمەڵانی خەڵك بە دو بەشی خۆیی و ناخۆیی دابەش دەکات. و ئەم سنووركێشانە زۆر ئاڵوگوڕێ بەسەر دێت و لە هندێك کاتدا لە گەڵ گوێ نەدان بە بڕیارەکانی حکومەتی خۆییەکان دەبنە ناخۆیی. بۆیە وزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی ڕێژیم ڕۆڵی گرینگ لە چارە نووسی ڕێژیم دەبینێ ، و ئورگانەکانی گرینگی ئەو بە سەر هەموو ئورگانەکانی ڕێژیم دەسەڵاتی هەیە. لە هەمان حاڵدا هەموو هێزەکانی لە لایەن ئورگانەکانیتر لە ژێر کونتڕۆڵ دایە. دایرەکانی حکۆمی لە لایەن دەستەی ئیداری چاوەدێری جیٚگیر لە دایرە و کارخانە و دامەزراوەکان و ... پەیوەست دەبنە وزارەتی ئیتلاعات و کونترۆڵ دەکرێن.گەرەکەکانی ناو شار لە لایەن دەستەکانی ئیتلاعات لە مزگەوتەکان و بەسیج و ئەنجوومەنەکانی ئیسلامی ، هێزەکانی نیزامی و لە لایەن ئورگانی ئەمنیەتی جیٚگیر لە دەستەکانی چەکدار و لە کۆتایی دا لە هەموو ئیمکاناتی کەش و هەوای پۆلیسی کەڵك وەر دەگرن. و لە ڕێگای شوورای دابین کردنی پارێزگا و شارەکان و شوورای ئەمنیەتی میللی دەستیان دەگاتە هەموو زانیاریەکی پێویست. بۆ کۆکردنی زانیاری سەبارەت بە ئیرانیانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات، کومیتەی دەرەوەی ئەم ئورگانە لە ڕێگای باڵوێزخانە و نوینەرایەتیە فەرهەنگیەکان و ... و ئەندامانی ئیتلاعات لە ژێر ناوی بازرگان و فەرمانبەرانی دەوڵەتی کار دەکات. وزارەتی ئیتلاعات بە دامەزراندنی کۆمپانیاکانی بازرگانی و .... ئەندامانی خۆیی لە ژێر چەتری ئەم کۆمپانیانە بۆ وەدەست هێنانی زانیاری ڕێك دەخات. هەروەها لە نە یاران و ئەندامانی پچراو لە ڕەوتە سیاسیەکانیش کەڵك وەر دەگرێ.

### ب _ ڕێکخراوی تیرور

ڕێژیم لە پروگرامی تازەی بۆ دەرچوون لە نارەزایەتیەکانی ناوخۆیی و دەرەوە دەستی داوەتە پێك هێنانی گروپەکانی تیرور و بێ ئەوەی کە جێ پێ لە خۆی بە جێ بهێلێ دەستی داوەتە لە ناو بردنی نەیارانی ڕێژیم. بە شێوەیکی گشتی گەلاڵەی تیروری ئاوا دادەڕێژێنی تاکو گرفتێکی شەخسی و یان بەرهەمی ناکۆکیەکانی ناوخۆیی گروپە سیاسیەکان نیشان بدات.

بۆ بەرگری لە ئاشکرا بوونی کردەوەکانی تیروریستی لە وزارەتی ئیتلاعات، ڕێکخراوێکی سەر بە خۆ بە ناو ڕێکخراوی تیرور دامەزراوە و لە ڕێگای بەرپرسی ڕاستەو خۆی دەستە لە وزارەتی ئیتلاعات پەیوەندی هەیە بە بەرزترین بەرپرسانی ئیتلاعات. ڕێکخراوی تیرور، گروپی تایبەتی پشکنین بۆ لێکولینەوە سەبارەت بە هەلس و کەوت و کردەوەو پەیوەندیەکان و شوێنی دانیشتنی ئەوانەی کە بڕیار وایە تیرور بکرێن پێك دێنی و پاش پێداچوونەوەی ورد ئەیداتە گروپی تایبەتی تیرور و گروپی تایبەتی تیرور جێ بە جێی دەکات. لە ناوخۆ وڵات بە ئیمکاناتی تایبەتی و زۆر بەربڵاو کە وزارەتی ئیتلاعات هەیە و لە ڕێگای ئەندامانی بەسیج و یان بنیاتەکاتی دەوڵەتی و کۆمپانیاکانی سەر بە ئەوان و نەهێنی وەك کۆمپانیاکانی بازرگانی، ڕاوێژکاری ، نووسینگەکانی پارێزەری ماف و .... زانیاری بە دەست دێنێ و ئەداتە گروپی تایبەتی تیرور و جێ بە جێ کردنی کردەوەی تیروریستی بە چەکی سارد و یان ڕووداوی دەستکرد و یان بە ڕواڵەت خۆکوژی ڕوو دەدات.

لە دەرەوەی وڵات بابەتەکە ئاڵوزترە و دابین کردنی ئیمکانات وەك ناوخۆ وڵات نیە و پەیوەندیەکان زوو ئاشکرا دەبێت . زانیاریەکانی پێویست بۆ دەس نیشان کردن و جێ بە جێ کردن لە ڕێگای کەسانی ژێر ڕکیفی خۆیان و لە ڕێگای بالوێژ خانە و دامەزراوەکانی پەیوەندی دار جێ بە جێ دەکرا. پاش کۆکردنی زانیاری وەك پەیوەندی تەشکیلاتی و پلە و



پەیوەندیەکان و ناونیشانی ئەو شوێنانەی کە کەسی مەبەست لێ کەڵك وەردەگرێ و... ئەدرایە ڕێکخراوی تیرور و پاش پەسەند کردنی بە گروپی تایبەتی تیرور ڕایان دەگەیاند . ئەرکی باڵوێزخانەی پەیوەندی دار بوو کە ئیمکانات و بەڵگەکانی تەزویری گروپی تایبەتی تیرور دابین بکات و پاش کردەوەی تیروریستی، تیروریستان لەو وڵاتە دەرباز بکات. پێویستە بزانین لە چالاکی تیرور لە تیروریستانی نەتەوەکانیتر و تیروریستانی نێونەتەوەیی کەڵك وەردەگرن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دەورەی هەشت ساڵەی سەروك کۆماری هاشمی ڕەفسنجانی تیروری جۆربەجۆری ئەنجام داوە. سەرئەنجام لە گەڵ ئاشکرا بوونی تیرورەکان و مەحکوم بوونی سەر کردەکانی کۆماری ئیسلامی لە دادگای میکونوس پەیوەندیەکان لە گەڵ وڵاتانی سەرمایەداری تووشی قەیران بوو. لە گەڵ ئاشکرا بوونی تیروری فروهەر نارەزایەتیەکانی سیاسی بوارێکی نوێی بە خۆوە گرت و بە ئاشکرا بوونی نێونەتەوەیی ئەو، تاقمەکانی مافیایی ڕێژیم کەوتنە گیانی یەکتر و ئاشکرا کردنەکان پەرەی ساند. هەر کام لە باڵەکان بە مەبەستی داواکاری زۆرتر هێرشی بردە سەر ڕەقیبی خۆی و بە سەر ڕەوتی گشتی ئاشکرا کردنەکان سوار بوون، لە لایێکی دیکەوە هەواڵەکانی جۆربەجۆر لە هەر کۆڵان و گەرەکێك بڵاو بوو . دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بە کەڵك وەرگرتن لە

بلاو کراوە و شەبەکەکانی رادیو و تەلەفزیونی نێونەتەوەیی هاوئاهەنگ بوون و باڵی دووی جۆزەردانیەکانیان (خەتی ئیمامیەکان) بە هێز کرد و جێ پێی خۆیان لە ناکۆکیەکانی باڵەکان لە رێگای دووی جۆزەردانیەکان پەرە پێدان. لە گەڵ سیاسەتی دەسەڵاتداری باشەکان لە لایەن هاشمی رەفسنجانی تاقمی مافیای ماڵی بە رخنە کردن لە سیستەمی بوروکراتیکی دەوڵەتی پێك هات و بە کەڵك وەرگرتن لە رانتەکانی دەوڵەتی و وەرگرتنی پورسانتەکانی زۆر، سامانی میللی لە هێلی بەرهەم هێنان وەدەر هێنا و بردیانە ناو ژمارەکانی بانکی خۆیان و وڵاتیان تووشی قەرزی زۆر کرد. لە گەڵ توند بوونی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، دژایەتی چینایەتی گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی و قەیرانی بێکاری بە پێی سەرژمێری رەسمی لە سنووری دوو ملیون کەس تێ پەری و خەتی سووری هەژاری تۆختر کرا و هەر رۆژ پەرەی ئەستاند. ئاشکرا کردنەکان و پەرەسەندنی قەیران لە بوارەکانی جۆربەجۆر، نارەزایەتیەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە دوا دا بوو و کەش و هەوای داخراوی سیاسی شکا.

لە گەڵ شکستی رێژیی خەفەخانی مەزهەبی دژایەتیەکانی ناوخۆیی حکومەت پەرەی ساند. شکستی بەرنامەکانی رێژیم و مەترسی رووخان، باڵەکانی بۆ جارێکی تر و سەرەرای بوونی دژایەتیەکان پێکەوە نزیك کرد تاکو رەوتی ئالوگۆرەکانی کۆمەڵگا کونترۆڵ و لە کاتی خۆی هێرشی خۆیان دەس پێ بکەن.

بە تەواو بوونی دەورانی سەروك کۆماری هاشمی ، قەیرانی دیاریکردنی کەسێك بۆ سەروکایەتی هێزی بەرێوەبەری لە نێوان سەرکردەکانی رێژیم پەرەی ساند. باڵی بە هێزی پەیرەوی ولایەتی فەقیح خۆی بۆ بەدەستەوە گرتنی هەموو دەسەڵات ئامادە دەکرد و دەستی دایە ئاشکرا کردنی بەربلاو و سیاسەتەکانی قەیران خولقێنەری ئابووری و رانت خواردنەکانی دەورەی هەشت ساڵە و بە کردەوە هاشمیان چەك کرد و ناتق نوریان وەك کاندیدای سەروك کۆماری ناردە ناو مەیدان. کۆمەڵگای نائارام و نیگەران لە زەختەکانی مەزهەبی رووی هێنایە ئاشکرا کردن دژی ناتق نوری. باڵ و دەستەکانی خەتی ئیمام دەس بە کار بوون و لە بارودۆخی پێك هاتوو کۆبوونەوەکانی یەك بە دوای یەك لە ماڵی هادی خامنەیی بەرێوە بردن تاکو کاندیدایك لە نێوان خۆیان کە لە لایەن جەستەی رێژیم و کۆمەلانی خەڵك قبول بکرێ بدۆزینەوە و وەك کاندیدا بناسێن و پلەی سەروك کۆماری بەدەست بێنن. لە یەکەم هەنگاو باس لە میر حوسین موسەوی کرا، میر حوسین موسەوی خۆی کاندید نەکرد. بە دانانی خاتەمی دەستیان دایە وت و وێژ لە گەڵ خامنەیی و هاشمی ، بە قبوول کردنی ئەوان خاتەمی وەك کاندیدای سەروك کۆماری هەڵبژێردرا. هاشمی و مافیای ماڵی دەوڵەتی بۆ پاراستنی رۆڵی خۆیان و بەرنامەکانی ئابووری دەوڵەت و بە دەستەوە گرتنی ئامرازاەکانی گرینگی حکومەتی و ناوەندەکانی ئابووری و کارخانە و سەنعەتەکان لە رێگای بازاری بورس و بۆ یاسایی و ئاشکرا کردنی سامانەکانی بە خۆرایی بە دەست هاتوو و راگەیاندنی بوونیان وەك چینی سەرمایەداری یاسایی و بە مەرجی جێ بە جێ کردنی بەرنامەکانی ئابووری هاشمی ، پشتیوانی خۆیان لە خاتەمی راگەیاند. و لە رێگای حیزبی کارگزارانی سازندگی و رۆژنامەی همشهری سەر بە شارەوانی تاران پێ راگەیاندنی خۆیان دەس پێ کرد. ئەساسی پێ راگەیاندنەکانی خەتی ئیمامیەکان لە سەر یاسا پەروەری و رێزدانان بۆ مافەکانی تاکە کەسی وکۆمەڵایەتی و ئەمنیەتی سەرمایەدانان لە سیاسەتی ناوخۆیی و دروشمی راکێشانی سەرمایەدانانی دەرەوە و لابردنی ناکۆکیەکان لە سیاسەتی دەرەوە و نزیکی بە وڵاتانی ناوچە و سەرمایەداری رۆژئاوا و تەنانەت وت و وێژ لە گەڵ ئەمریکا بوو. راوێژی زۆر سەبارەت بە رێزدانان لە مافەکانی کۆمەلانی خەڵك و ئازادی بلاوکراوەکان و ئەحزاب کرا. باڵی خەتی ئیمامی بە تێ گەیشتن لە قەیرانی گشتی کۆمەڵگا و سوار بە سەر نارەزایەتی گشتی توانی لە رێککەوتنەکانی رێژیم سەروك کۆماری بە دەست بێنێ و لە گەڵ شیرێکی بێ کلك و یال بە دوای بەرنامەکانی سندووقی نێونەتەوەیی و بانکی جیهانی بچێت و لەم دابەش کردنەدا وزارەتی ناوخۆ و بەرێوەبەرایەتی ناوچەکان بووە بەشی ئەو، لە گەڵ رخنە کردن لە وزارەتی ئەرشاد ( راهێنان ) و چاپکردنی هەندێك لە رۆژنامەکانی سەر بە ئەو باڵە دەستی دایە پێ راگەیاندنی بەربلاو. بارودۆخی کۆمەڵگا و پێك هاتی باڵەکانی دەسەلات و پێ راگەیاندنەکانی بەربلاوی دەزگاکانی راگەیاندنی رۆژئاوا بووە هۆی دژایەتی و ناکۆکی تازە و قوول تر لە ناوخۆ رێژیم . هەموو رێککەوتنەکان بەتووندی لە گەڵ مەترسی شکان رووبەروو بوون. باڵی خەتی ئیمام ( دووی جۆزەردان) دەستی دایە دامەزراندنی ئەحزاب و بلاو کردنی رۆژنامە و بلاوکراوەکانی جۆربەجۆر و ئاشکرا کردن دژی باڵی رەقیب. دووی جۆزەردانیەکان توانیان متمانەی رێژەیی کۆمەلانی خەڵك بە دەست بێنن و لە سەودای ناوخۆیی دەستیان پر بێت.

بە ووتەی یەکێك لە تیئوریسیەنەکانی دووی جۆزەردانی بە ناو سەعید حەجاریان لێکولێنەوەی بێ رەحمی زیندانی ئێوین و یەکێك لە بریکارەکانی وزارەتی ئیتلاعات لە کاتی ئیعدامەکانی سەرانسەری زیندانیانی سیاسی، سیاسەتی زەخت هێنان لە خوارەوە و چەقە کردن لە سەرەوە کردوونە سیاسەتی خۆیان و بەرێ خستنی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت( نووسینگەی سەقامگیری یەکگرتن ) جوولانەوەی قوتابیانی زانکۆیان کردە ئامرازی سات و سەودای خۆیان. باڵی دووی جۆزەردان بە بەرنامەی بە دەستەوە گرتنی سیاسی و بەرێوە بەرایەتی و بە بێ بەرنامەی ئابووری لە سەر ئەساسی هەل و مەرجی تازە بە کردەوە شکستی هێنا و تەنیا توانی هەڵوێستی نارەزایەتی راگرێ و ئامرازەکانی بە رواڵەتی بە

دەستەوە بگرێ. دووی جۆزەردانیەکان بە نارەزایی دەربڕین نیسبەت بە توونْد ڕەوترین گروپ واتە ئەندامانی قوتابخانەی حەقانی، هاشمیان ئاشکرا کرد. بە ئاشکرا کردن دژی هاشمی و بەرێوەبەرانی دەوڵەتی دژایەتیەکانی ناوخۆیی دووی جۆزەردانیەکان دەستی پێ کرد و بەرێوەبەرانی نوژەن کردنی تووشی هەڵوەشانەوە کرد.باڵی خەتی وەلایەت بە زەحت هێنان دژی بڵاوکراوەکانی دووی جۆزەردانی توانی باڵی دووی جۆزەردان بخاتە هەڵوێستی دیفاعی ، بە ئاشکرا کردن دژی بەرێوەبەرانی ئابووری و گرفتەکانی ئابووری، هاشمیان لە بەرانبەر دووی جۆزەردانیەکان دانا.

لە گەڵ پەرەسەندنی قەیرانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و جوولانەوەی پەرە ئەستێنەری کۆمەڵانی خەڵك و بێ هیوایی نیسبەت بە گۆرانکاریەکانی حکومەتی ئوتوریتەی دووی جۆزەردانیەکان لاواز بوو. باڵی سەرکەوتوو بە تێگەیشتیِن ئەم بابەتە هێرشی خۆی بۆ سەر بڵاوکراوەکان توونْد کرد و رۆژنامەی سلام، یەکێك لە ووتەبێژانی ئەم باڵەیان داخست و دووی جۆزەردانیەکان لە رێگای دەفتەری تەحکیمی وەحدەت دانشجویی ( نووسینگەی سەقامگیری یەکگرتنی قوتابیانی زانکۆ ) نارەزایەتیەکان دژی داخستنی رۆژنامەی سلام رێك خستن. و هۆکارەکانی سیاسی چوونە قۆناخێکی نۆی. دووی جۆزەردانیەکان کە نەیانویست نارەزایەتیەکان لە سنووری دیاریکراوی رێککەوتنەکان تێ پەرێ، دەستیان دایە کونترۆڵی نارەزایەتیەکان. باڵی وەلایی بە بێ لە بەرچاوگرتنی رێککەوتنەکان هێرش بۆ سەر رێکخستن و پێك هاتەکانی ئەساسی دووی جۆزەردانی شکست خواردو راگەیاند. بە پەرەساندنی جوولانەوەکانی نارەزایی قۆتابیانی زانکۆ و هاوپشتی کۆمەلانی خەڵك قۆناخی نوێ لە جوولانەوەی قوتابیانی زانکۆ دەستیٖ پیٖ کرد و رێگای خۆی لە دووی جۆزەردان جیا کرد و جوولانەوەی نارەزایی دژی تەواوی دەسەڵات بردە ناو شەقامەکان . بە هێرشی هەموو لایەنەی رێژیم بۆ سەر جوولانەوەی نارەزایی لە ساڵی ۱۳۷۸ و لە لایەن باڵەکانی ناو خۆیی رێژیم لە ناو چوو و بزووتنەوەی قوتابیانی زانکۆ و کۆمەڵانی خەڵك چووە قۆناخێکی نۆی و درۆشمی رووخاندنی رێژیم بە هۆی بزووتنەوەی خەڵکی کەوتە دەستووری رۆژ و قۆناخی دەیەی دووهەمی رێژیمیش کۆتایی پێ هات.

((بەشی دەیەم لە ژمارەی داهاتوو ))



چەکوچە خوێنی من لە دەستی کرێکار | داسە خوێنی من لە دەستی جووتیار

### لیستەی شەهیدانی رێکخراو لە مانگی سەرماوەز

| | |
|---|---|
| پەروێز نەسیر سەلیم | عەلی عەبدولعلی زادە |
| زەهرا ئاغا مەڵەکی | رەحمەت تالیب نەژاد |
| خودابەخش شاڵی | جەلال پوور جەعفەری ئازاد |
| موختار قەڵعە وەیسی | حەمید رەزا سەعادەتی |
| ئەسەدوللا بەشەر دوست | فەرهود رەوایی |
| عەلیرەزا هومایون پەریزادە | سیما دەریایی |
| پەیام هونەریار | بیژەن حەوایی |
| عەلی موڕادی | قەرەنی حەسەنی |
| موحسین مودیر شانە چی | حوسین تەدریسی |
| ناهید موحەممەدی | بەهروز بەهروز نیا |
| ئازەر لەتیفی | حەمید ئەشراق |
| کامیار کەریمی | تەوەکول ئەسەدیان |
| غولامرەزا کاروردیان چاپچی | ویدا گولی |



# در هوای در هم شبگیر

چیست این سلول
چیست این دیوارهای پست بی وزن
جز برای یك دو روزی بیش
پایداری های لرزان در مسیر سیل
سیل بنیان کن

خندەام میگیرد از تزویر نامردان
گریەام خاموش وار اما ، به گلزاران جان جاریست :
گر چه دیهیم شب آلودەست با خون رفیقانم
و به خون تازەی من نیز
جندە- دیو مردم آزاری
قحبەی پیر تبه کاری
در کمیته ، قلعه کشتار
همچنان سرگرم خونخواریست
لیك میدانم
و چو توفانهای سهمگین میخوانم :
ای به باغ خون نشسته
دست ها
پاها

آ . . . ی ای چشمان خون پالا
در هوای در هم شبگیر
پشت سنگرهای سرخ سازمان عشق
پشت ابر شعله و باروت
با صداهایی که میخواند خروس خشم
روی بامهای خانەی مردم

پشت این شب
این شب فرتوت
صبح مردم
صبح بیداریست

فیدایی شەهید : سەعید سوڵتانپوور

# بەرز و بەرێز بێت یادی ١٦ ی سەرماوەز ڕۆژی دانشجوو

١٦ی سەرماوەز ڕۆژی دانشجوو و وەبیر هێنەری خالێکی گرێنگ لە مێژووی بزاڤی پێشکەوتنخوازانی دانشجوویانی پێشرەوە ، کاتێك کە دانشجوویانی تێ‌گەیشتوو نارازی لە سیستەمی چەوسینەرای سەرکەوتوو بەدوای کودتیای ئەمریکی _ ئینگلیزی ساڵی ١٣٣٢ توانیان بە هیز و ئیرادەی خۆیان خۆراگری و بەربەرەکانی پر لە شانازیان بۆ گەیاندنی دەنگی نارەزایەتی لە شوینی خوێندن و زانست و پەروەردە کردن بگەیێننە گویٚ کۆمەلاّنی خەلّکی چەوساوەی کە سیبەری قورس و ترسناکی دەسەلاّتداری ژنرالەکانی نیزامی بە سەر خۆیان هەست پیٚ دەکرد و گۆرەپانی خەبات و خۆراگری تاکو شوینی خۆیندن و زانست پەرە پیٚ بدەن و ئەم راستیە بسەلّمێنن کە خەباتی ئەوان و گورەپانی خەباتیان پەیوەندێکی حاشا هەلنەگری لە گەلّ خەباتی سەرجەم کۆمەلاّنی خەلّکی ژیر دەستە هەیە کە ئاوات و ئارەزووەکانیان چوار مانگ بەر لەویٚ بە هۆی پیلانیکی خەیانەت کارانەی ئیپریالیستی سەرکوت کرا بوو. دانشجوویانی پێشرەو لەم رۆژەدا ئەم راستیەیان سەلّماند کە شوینی خویندن و فیربوونی زانست هەردەم و تەمانەت لە خراپترین و ترسناکترین کەش و هەوای ترس و توقاندنی دەسەلاّتداری نیزامی و پولیسی دەتوانیٚ پیوانێك بۆ دەربرینی نارەزایەتی و رێکخستنی بزاڤی پێشکەوتنخوازانە و شۆرشگیرانە بێت. دەتوانیٚ ئەم شوێنە ببیتە شوێنی پەروەردە کردنی ئیتوریسیەنەکانی بە کردەوەی کە بە تیٚ‌گەیشتن بە نیسبەت هەلّەکان و بە لاریٚ چوونەکانی پێشووی لە ناوخۆیٚ بزووتنەوەی شۆرشگیرانە، بناغەی خەباتێکی راست و دروست کە سەر چاوە لە راستیەکانی عەینی کۆمەلّگای ژیر دەستە لە بواری ئابووری، سیاسی و کۆمەلاّیەتی و پەیوەندیەکانی چەوسینەرانەی دەگریٚ ،



داریٚژن و خەباتی تویٚژی رووناکبیری شویٚنەکانی خویٚندن و فیر بوونی زانست پەیوەند بدەنە خەباتی جەماوەری ژیٚر ستەم تاکو بە تیٚ گەیشتنی ئەساسی لە داخوازیەکانی یەکتر کە تەنیا لە چوار چیوی خەباتیکی هاو ئاهەنگ و شۆرشگیرانە و کینەیی بە مەبەستی ژیٚر و روو کردنی بنەرەتی سیستەمی سیاسی، ئابووری و کۆمەلاّیەتی داسەپاو مسوگەر دەبیٚ و وە دی دیٚت.
جوولانەوەیٚکی تیٚ‌گەیشتووانە و بەردەوام و ریٚکخراو بەرەو پیٚش ببەن. هەر بۆیە ١٦ی سەرماوەز لەم بوارەدا خالّی گریٚنگ و دەس پیٚ کەری بزاڤی شۆرشگیرانەی دانشجوویان و تویٚژی رووناکبیری کۆمەلّگای ژیٚر دەستە بوو.
هەرچەند کە خۆپیشاندانی دانشجوویانی پیٚشرەو لە ١٦ی سەرماوەز ساڵی ١٣٣٢ لە زانکویٚ تاران و بە هیٚرشی وەحشیانەی هیٚزەکانی تایبەتی ریٚژیٚمی پاشایەتی و تەقەی ئەوان و لە کۆتایی دا شەهیە بوونی سیٚ دانشجوو بە ناوەکانی مستەفا بوزرگ نیا ، ئازەر شەریعەت رەزەوی و ئەحمەد قەندچی سەرکوت کرا بەلاّم رەوتی خەباتی شۆرشگیرانە و ریٚکخستنی تیٚ‌گەیشتووانەی دانشجوویانی پیٚشرەو لە شۆیٚنی خویندن و لە ناوخۆی کۆمەلّگا زۆر خیٚرا پەرەی ساند و سەدان خەباتگیٚری مەزنی شۆرشگیٚری لە داوینی خۆی پەروەردە کرد تاکو ئەم راستیە بسەلّمیٚنیٚ کە زەبر و زەرنگ و سەرکوت و خۆلّقاندنی کەش و هەوای ترس و توقاندن ناتوانی ئیرادەی پۆلایینی مرۆڤی شۆرشگیٚر کە خوازیاری پیٚك هیٚنانی ئالّوگۆری بنەرەتی لە سیستەم و پەیوەندیەکانی چەوسیٚنەرانەی داسەپاو، سست بکات.
ئەزموونە پرِ بایەخەکانی بزاڤی شۆرشگیرانەی دانشجوویان و سەرجەم قوتابیانی پیٚشرەو لە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢ تاکو راپەرینی شکۆداری ریٚبەندانی ٥٧ و بەرگری لە سەنگەری زانست و ئازادی لە بەرانبەر هیٚرشی سوپای دواکەوتوویی لە رەوتی بە روالّەت شۆرشی فەرهەنگی لە ساڵی ٥٩ و دیفاع لە دەسکەوتەکانی خەباتی دانشجوویی واتە پیٚك هات و ریٚکخستنەکانی پیٚشرەوی دانشجوویی ئیستاش دەتوانیٚ چارەسەری زۆر لە گرفتەکانی بزاڤی دانشجوویی لە سەرانسەری ئیٚران بیٚت.
تاکو بە دوور لە هەر چەشنە پالّ دان بەم بالّ و ئەو بالّەی بەشدار لە دەسەلاّت، داخوازیەکانی سەر بە خۆی خۆیان رابگەیٚنن کە لە ئەساسدا پەیوەندی قوول و بنەرەتیی هەیە لە گەلّ داخوازیەکانی سەرجەم کۆمەلاّنی نارازی و ژیٚر ستەم.
تەنیا بە ئەزموون وەرگرتن لە رابردوو و راگەیاندنی داخوازیەکانی سەربەخۆ و خەباتی هاوبەش لە گەلّ کۆمەلاّنی تری خەلّکی چەوساوەیە کە سەرەرای ریٚکخستن و بەردەوام بوونی خەباتی کاریگەر، بزاڤی دانشجوویی نەك لە سەنگەری دیفاع بەلّکو لە سەنگەری هیٚرش و بەرەو پیٚش چوون رۆژ بە دوای رۆژ پەرە دەستیٚنیٚ .



# مانای ئەمنیەت و ئاسایش لە ناوچەکە لە روانگەی ولاتانی ئیمپریالیستی و بورژوازی دەسەڵاتدار و ئوپۆزیسیونی بورژوایی دەرەوەی دەسەڵات.

هەر چی ئاگری شۆرش پەرە دەستێنێ و بلێزەکانی ئەم ئاگرە سوتێنەرە سەر تا پێی رێژیمی سەرمایەداری ئیران لە سەر سەر خانی سیاسی دواکەوتووانەی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ مەترسی مەرگ و نەمان رووبەروو دەکات و کاتژمێری بە پێچەوانەی لە ناوچوونی ئەم دەسەلاتە نەنگینە بە سەعاتی دەس پێ کردنی نزیك دەبێتەوە، بە هەمان رادەیش ئوپوزیسیونەکانی بورژوازیی هەر کامیان بە شێوەێك دەکەونە هەوڵ و تەقەلا تاکو هەرکام بە شێوەێك شۆرش لە رەوتی بەرەو پێشی خۆی راوەستێنن و سەرمایەداری دەسەلاتدار و پەیوەندیەکانی چەوسێنەرانەی لە مەرگ و نەمان رزگار بکەن . لایەنگرانی رێژیمی پاشایەتی و پشتیوانانی ئەوان بە خۆش حالی و چەپلە لێدان بۆ بە دەسەلات گەیشتنی بالێکی لە بالەکانی بەشدار لە دەسەلات و بە هێز بوونیان لە بەرێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی، ئابووری ولات و پەیوەندیەکانی ئەوان لە گەڵ ئامریکا بریقە دانی ئەستێرەی شانسی خۆیان لە چارە نووسی رێژیم تماشا دەکەن و رەوتەکانی ئوپوزیسیونی تری دەرەوی دەسەلاتش چ لە بەرگی راست و چە بە روالەت چەپ بە پەرە پێدانی پروپاگەندی پڕ و پووچەلی سەرکردەکانی رێژیم سەبارەت بە دوژمنی فریوکارانەیان لە گەڵ ئیمپریالیزم ئاو دەکەنە ئاشی دەسەلاتی سەرمایەداری دواکەوتووی ئێران و متمانە دەدەنە ئیمپریالیزم کە بە چاوپۆشی لەئوسولەکانی بیروبۆچوونی شۆرشگیرانەی



کە بە کردەوەیش هیچ کات بڕوایان پێ نەبووە و تەنانەت زۆر جاریش بە پێ هەل و مەرج و هەل پەرەستی خۆیان ئەم ئوسولە بە پێچەوانە مانا کردوون، ئەگەر رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە لە بەر چاوگرتنی پەرەسەندنی خێرای هەل و مەرجی شۆرشگێرانە لە ناو خۆی کۆمەلگا و بزووتنەوەی نارەزایی خەلکی کرێکار و زەحمەتکیش ، ناتوانی زۆرتر لەمە پارێزەری قازانج و بەرژەوەندی چینایەتی سەرمایەداری لە ئاستی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی لە چوارچێوەی ولاتی ئێران و ناوچەکە بێت ، ئەوان دەتوانن بەو متمانەی کەبە ئیمپریالیزم و پشتیوانانی سەرمایەداری دەدەن ، قەیرانی پەرە ئەستێنەری سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتی سەر چاوە گرتوو لە ناوەرۆکی سیستەمی چەوسێنەرانەی دەسەلاتداری سەرمایەداری و دە س تێ وەردانەکانی ئیمپریالیزم ، کۆنترۆڵ بکەن و نەهێلن شۆرشی کۆمەلایەتی کە سەر تا پێ سیستەمی کۆن ژێر و روو دەکات و ماشینی دەولەتی هەلدەوەشێنێ وکۆمەلانی خەلك چەکدار دەکات وکۆمەلگایێك لە سەر بناغەی ئازادی و یەکسانی مرۆڤەکان دادەمەرزینێ ، بە ئەنجام بگات . بە پەرەسەندنی خەباتی چینایەتی و دیار بوونی هەر چی زۆرتری ریزەکانی چینایەتی ، نوێنەرانی چین وتوێژەکانی سەرمایەداری ئێران چ بەشدار لە دەسەلات و چ لە دەرەوەی دەسەلات هەر کام لە هەوڵ و قەلای ئەو دان کە لێهاتوویی و متمانەێ خۆیان لە پاراستنی قازانج و بەرژەوەندی سەرمایەداران و ولاتانی ئیمپریالیستی لە ئێران و ناوچەکە نیشان بدەن و بسەلمێنن کە ئەگەر دەسەلات بەوان بدرێت رۆلی ژاندرمی ناوچەکە بە باشی بەرێوە دەبەن . بۆیە ئەو رەوتانەی کە بە لە بەر چاوگرتنی ناوەرۆکی چینایەتی خۆیان و بە کردەوە هیچ کات بڕوایان بە شۆرش نەبووە و تێ دەکۆشن تاکو هێز و توانای کۆمەلانی خەلك تەنیا بۆ ئاڵ و گۆری بە روالەت و فۆرمالیتە لە ئاستی ژیان و گوزەران و سەرخانی سیاسی کۆمەلگا بەربەست بکەن ئەگەر چی لە لێکدانەوە و دیاریکردنی قەیرانی پەرەئەستێنەرەی کۆمەلگا ، ژیرن . بەلام بۆ چارەسەری قەیرانەکان نێوان و جیایی زۆریان لە گەڵ کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەلگا هەیە ، نێوان و جیائێك کە لە مەودای ٢٤ ساڵ خەباتی چینایەتی توند لە کۆمەلگا ، لە نێوان چین و توێژەکانی چەوساوە لە لایێکەوە ، و کۆماری ئیسلامی و سەرمایەداری دەسەلاتدار لە لایێکی دیکەوە پێك هاتووە . لە رەوتی ئەم خەباتە بەردەوام و خوێناویە کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێش ئەم ئەزموونەیان وەرگرتووە کە تەنیا رێگای رووخاندنی رێژیمی کۆمار ئیسلامی شۆرشی کینەئیە و لە رێگای لە ناو بردنی ماشینی دەولەتی بۆرژوائی و چەکدار بوونی هەموو کۆمەلانی خەلك مسۆگەر دەبێ ، نەك بە ئەژنۆ کەوتن لە بارەگای ولاتانی ئیمپریالیستی .

**ئەوانەی کە بیر و بۆ چوونی وشکیان هەیە و دوگمن هەموو لاپەرەکانی نووسراوە کلاسیکەکانی مارکسیستی هەلدەدەنەوە تاکو لە نێوانی ئەواندا هندێك ئایەت و نیشانە دژی شێوازەکانی نوێی خەبات بدۆزنەوە ، ئەمانە تیئوری شۆرشگێرانە دەکەنە شتێکی دژی شۆرشگێرانە .**

**هاوری مەزن : بیژەن جەزەنی**

# چەمکی ژن و ئازادی

چەمکی ژن و ئازادی و تێگەیشتنی ئەم بابەتە ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی ئێمە لە چەمکی ستەم و چەوسانەوە لە کۆمەڵگای چینایەتی و پێویستی دۆزینەوەی جۆرەکانی ستەم لە کۆمەڵگایێک کە لە وێدا ستەم لە سەر ئەساسی چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ دانراوە و پێویستە کە لە ڕوانگەیکی دیالیکتیکی تەماشای بابەتی ستەم لە کۆمەڵگای چینایەتی بکەین تاکو بتوانین جۆرەکانی ستەم لە سەر بناغەی چەوساندنەوەی چینایەتی بدۆزینەوە، ئاشکرایان بکەین و بۆ نەهێشتنی خەباتی بەکردەوە و چالاکیمان بێت. ئەگەر بتوانین لەم ڕوانگەوە تەماشای بابەتی ستەم و چەوساندنەوە و جۆرەکانی لە کۆمەڵگای چینایەتی بکەین ئەو کاتە بۆمان دەر دەکەوێ کە سەر تا پێ ئاوا کۆمەڵگایێک کە سیستەمی چەوسێنەرانە بە سەرێدا داسەپاوە بە هەموو چین و توێژەکانی گیرودەسی پەیوەندیەکانی نایەکسان و دوور لە عەداڵەتە. بوونی ستەمی نەتەوایەتی، ڕەگەزی ، جنسی، مەزهەبی و ... ڕاستێکە کە لە ئاوا کۆمەڵگایێک دەتوانین هەستی پێ بکەین و دەبێ بو نەهێشتنی تێ بکوشین بەڵام ئەساس دایە کە سەرچاوەی بوونی جورەکانی ستەم لەم چەشنانە وەك هۆکاری ئەوان لە بیر نەکەین و پەیوەندی هاشاهەڵنەگریان بە هۆکاری ئەسلی واتە چەوسانەوەی چینایەتی و بوونی سیستەمی چەوسێنەرانە لە بەر چاو بگرین. تاکو بتوانین خەباتیکی بەکردەوە و کاریگەر بۆ بەرە و پێش بردن و پەرەساندنی خەباتی هەموو لایەنەی چین وتوێژەکانی ژێر ستەم بە ئەنجام بگەیێنین . ئەگەر سیستەمی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری بە جۆرەکانی جیاوازی خۆی ڕزیو و دواکەوتووانەیە دەبێ بزانین کە ئەو پەیوەندیانەی کە ئەم سیستەمە لە سەر ئەواندا دامەزراوە پەیوەندیەکانی ژێر خانی کۆن دەبیتە هۆی بەریوبردنی پەیوەندیەکانی سەرخانی کۆن



و دواکەوتووانەی چەوسینەرانە کە خۆی لە بوونی ستەمی نەتەوایەتی مەزهەبی، جنسی و ڕەگەزی و...نیشان دەدا. هەرچەندکە خەبات بۆ وەدەست هێنانی ئازادیەکانی دمۆکراتیك بەتایبەت سەبارەت بە ژنان تائەوارەیە کە ئەوان هەست بە ئەوەبکەن کە سەرچاوەی دیل بوون و چارە ڕەشیان نەك لە نەبوونی ئازادیەکانی دیمۆکراتیکی بۆرژوازئیە بەڵکو لە بوونی پەیوەندیەکانی کۆن و ڕزیوی چەوسینەرانەی ئابووری و کۆلایەتیە، باشە و دەبێ بۆ وەدێ هێنانی ئەم مافە سەرەتائە خەبات بکەین. بەڵام هیچ کات ناتوانین هەموو خەباتی خۆمان لەم چوارچیوە تەسکە بەربەست بکەین و خەباتی ژنان لە خەباتی سەرجەم توێژەکانی ژێر ستەم کە ژنانیش بەشیکن لە وێ جیابکەینەوە و پەیوەندیان لە گەڵ یەکتر لەبەر چاوە نەگرین. دەبێ بزانین لە کۆمەڵگایك کە پەیوەندیەکانی چەوسینەرانە و نایە کسانی چەوساندنەوەی مرۆڤـ بە دەستی مرۆڤـ باوە سەرە ڕای وەدەست هێنانی ئازادیەکانی دیمۆکراتیکی بورژوازیی بۆ ژنانە ، ئەوان هەروا وەك باقی توێژەکانی هاوچارەنووسیان دەست و پێیان لە زنجیری کوێلەیەتی گرفتارە. ئەگەر لەم ڕوانگەوە تەماشای چەمکی ژن و ئازادی و خەباتی ژنان و جوولانەوەی ئەوان بکەین ئەو کات بۆمان دەر دەکەوێ کە مەبەست لە هەوڵ و تەقەلای ئیتوریسیەنەکانی ڕاسپارەی بورژوازی بۆ بەر بەست کردنی خەباتی ژنان لە چوارچیوەی تەسك و دیاری کراو بۆ تەنیا بە دەست هێنانی ئازادیەکانی دیموکراتیکی بورژوایی کە لە تەواو بوونیان جێگای وەهم و گومانی زۆر هەیە، چیە. ئەوکات دەزانین کە ئەوانیش وەك ئەوانەی کە مەدنیەی فازلەکانیان بەرێوە دەبەن خوازیاری ئەون کە ژن وەك ئامرازی ڕابواردن و خوشگوزەرانی و وەك کەرستەیێك نەك لە ژێر چوارچیوە و چادر بییتە مروڤی پاە دووهەم بەڵکو ئەم جارەیان لە کابارەکان و شوێنەکانی ڕابواردنی ڕەسمی بە جێگای سیخەخانەکان پەیوەندیەکانی چەوسێنەرانی جنسی سەر لە نوێ بەرهەم بێنێ. ستەمی جنسی خۆی بەرهەمی بیروبۆچوونی دواکەتووانەیە کە ژن لە شوینی ژیان و کۆمەڵگا و تەنانەت بنەماڵە دیل دەکات بەڵام بیروبۆچوونی دواکەوتووانەیش بەرهەمی پەیوەندیەکانی کۆن و ڕزیوی بەرهەم هێنانە کە لە سەر ئەساسی چەوساندنەوە و سیستەمی چینایەتی بناغەی دانراوە و هۆکاری مادی دەبێتە زەمینەیێك بۆ پەرەساندنی جۆرەکانی ستەم و بۆ نموونە ستەمی جنسی. بۆیە پێویستە زەمینەکانی مادی کە لە پەیوەندیەکانی چەوسێنەرانە سەرچاوە دەگرێ و دەبیتە هۆی پەیدا بوونی جۆرەکانی ستەم لە کۆمەڵگای چینایەتی لە ناو بچێت و ئاڵوگۆریکی بنەرەتی لە پەیوەندیەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی پێك بێت. لە بەر چاو گرتنی ئیستراتیژیکی دیاریکراو دەبێتە هۆی ئەوەی کە هێز و توانای خەباتمان بۆ گەیشتن بە ئامانج بەربەست ناکریت بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانین بە پێ هەوڵ و مەرجی خەبات و زەق بوونی جۆرەکانی ستەم لە کۆمەڵگای بن دەست وەك نموونە خەباتی ژنان بۆ وەدەست هێنانی ئازادیەکانی دیموکراتیك کە سەرەتائیکە بۆ پەرەساندنی خەباتیان بۆ ڕزگاری و پەیوەندی پتەوتر لە گەڵ خەباتی سەرجەم توێژەکانی ژێر دەستەی کۆمەڵگای چەوساوە بۆ وەدی هێنانی داخوازیەکانی ژنان دیموکراتیکی چالاکانە بە شداری بکەین . بۆیە چەمکی ژن و ئازادی شتێك زۆر مەزنتر و قوولترە لە وە دەست هێنانی ئازادی دیموکراتیکی بورژوازی بۆ ژنان و ڕزگار کردنیان لە ژووری خەوتن و ئاشپزخانە (مەتبەخ ).

# بە بوونەی ٥٧ەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی دەوڵەتی خود مختاری ئازەربایجان

## بزووتنەوەی ئازەربایجان و ئەزموونەکانی

بیست و یەکەمی سەرماوەز بەرانبەرە لە گەڵ ٥٧ەمین ساڵڕۆژی دامەرزاندنی دەوڵەتی خودموختاری ئازەربایجان. ڕۆژی تەقینەوەی رق و تورەیی سەر چاوە گرتوو لە ستەمی میللی و چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئازەربایجان دژی زوڵم و چەوساندنەوەی ئاریامهری ، ڕۆژێك کە خەباتی کۆمەڵانی چەوساوەی ئازەربایجان بۆ لە ناو بردنی هەر چەشنە ستەم و وەدەس هێنانی مافی دیاریکردنی چارە نووس، بە ئاکام گەیشت. ئارەزوی کۆنی کۆمەڵانی شۆرشگێری ئازەربایجان و بەشداری چالاکانەیان لە شۆرشی مەشروتەخوازی زیندوو کردەوە . خەڵکی ئازەربایجان لەم ڕۆژە مێژووئیەدا، بە راگەیاندنی کۆماری خودموختار دەسەڵاتی خۆیان بە دەستەوە گرت، و بە چەك کردنی هەموو ئورگانەکانی سەرکوتگەری دەوڵەتی بریتی لە ئەرتش و ژاندارمری و بە چەکدار کردنی گشتی زەحمەتکێشان، مەیدانی کردەوەیان لە کۆنە پەرەستان ساندەوە و دەوڵەتی مەرکەزیان لە ئەنجام دانی هەر کارێك ناکام هێشت. خەڵکی ئازەربایجان لە ئاوا ڕۆژێك بە خەباتی پەرە ئەستێنەری خۆیان، یەکگرتوو و یەك دەست دەزگای زوڵم و کویاەیی دەڵەتی مەرکەزی هەڵپێچان و لاپەرێکی نۆی لە مێژووی خەباتی خەڵکی ئازەربایجان کردەنەوە. هەرچەند جوولانەوەی خەڵکی ئازەربایجان پاش ساڵێك لە بەر هۆکارەکانی جۆر بە جۆر کە گرێنگترینی ئەوان بێ هێزی ڕێبەرایەتی و بێ دەسەلاتی ئەو لە ئاڵ و گۆری بنەرتی لە ژیانی خەڵك بوو نەیتوانی ویست و ئیرادەی خۆی بە ئەنجام بگەیێنی و لە هێزی ڕاستقینەی خۆی کەڵك وەربگرێ ، هەرچەند کە ئەم جوولانەوە مەزنە سەرەرای سەرکەوتنی سەرەتایی لە گەڵ شکست ڕوو بە ڕوو بوو و خەباتی خەڵکی ئازەربایجان بە خوێن کێشرا. بەڵام خۆراگری ئەم خەڵکە و ئیمانی پتەوی ئەو، بووە خالێکی گرێنگ لە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی ئازەربایجان و ئەزموونی پڕ لە بایەخی زۆری لە خۆیەوە بە جێ هێشت. بزوتنەوەی میللی ئازەربایجان بەرهەمی ستەم و چەوساندنەوەی میللی سەرچاوە گرتوو لە دەسەڵاتی دیکتاتوری بوو و بە دوایی هەڵوەشاندنەوەی دیکتاتوری ڕەزا شا و ئاڵ و گۆرەکانی پاش خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی سەری هەڵدا و پەرەی ساند. ژیانی مەینەت بار و ستەمی دەرەبەگایەتی خەباتی جووتیارانی یەکگرتوو و یەك دەست کردە بوو. دەسەڵاتی ئورگانەکانی سەرکوتگەر وەك ژاندارمری و دەزگاکانی تری دەوڵەتی تێکرای ستەمی چەندین ساڵەی دەرەبەگەکان ئاوا ڕقێك لە دڵی جووتیاران خولقاندە بوو کە هەر لە سەرەتای پێك هاتنی جوولانەوە ، تەقینەوەی سەرانسەری ئازەربایجانی گرتەوە و لە یەکەم هەنگاوەکاندا ، ئەم ناوچەیەی کردە گۆرەپانی شەڕەکانی خوێناوی کۆمەڵانی میلونی جووتیاران دژی دەربەگەکانی ناوچەکە و بەکرێگیراوانیان. ئەمە سەرەرای ئەوە بوو کە ڕاسپاردەکانی دەوڵەتی و بەکرێگیراوانیان بۆ لاواز کردنی خەباتی خەڵکی ئازەربایجان خەریکی ئیهانە و بچووك کردنی فەرهەنگ و داب و نەریتەکانی خەڵکی ئازەربایجان بوون. دەوڵەتی مەرکەزی و لە سەرەوەی ئەوان ڕەزا شا بە هێزی دڕاندانە بۆ سەر مافەکانی سەرەتایی خەڵکی ئازەربایجان و دامەزراندنی حکومەتی تیرور و خەفەخان ، خەڵکی ئازەربایجان وەك هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەرانسەری ئێران دیل کردە بوو. چەوساندنەوەی وەحشیانەی کرێکاران و جووتیاران لە لایەن دەربەگەکان و سەرمایەداران ، پێشیل کردنی مافەکانی زەحمەتکێشان ، ئازەربایجانی کردە ناوەندی تەقینەوە.لە جەرگەی خەباتی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی تورك ، فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە ١٢ی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوەی دامەزرا و لە بەر هاوسەنگی هێزەکان بە هوێ بوونی ئەرتشی سوور توانی لە مەودایێکی کورت ، کرێکاران و جووتیارانی ئازەربایجان یەکگرتوو بکات و ڕێبەری جوولانەوە بە دەستەوە بگرێ . بەڵام فرقەی دیموکرات زۆر خێرا چووە ژێر چەتری ڕێبەرایەتی ریفورمیست و سازشکاری حیزبی توودە و سەرەرای درۆشمەکانی ئاگرین ، نەتوانی خەباتی کۆمەڵانی خەڵك بە دروستی ڕێبەری بکات و لایەنی دروست نیشانی بدات.ڕێبەرایەتی فرقەی دیموکرات بە جێگای پاڵپشتی بە ئیرادەی کۆمەڵانی چەکداری تورك و دامەزراندنی ئورگانەکانی بە هێزی خەڵکی ، خەریکی وت و وێژ و سازش لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بوو و لەو کاتە کە دەبۆایە لە هێزی چەکداری خەڵکی بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی جوولانەوە و پەرەساندنی کەڵك وەرگرێ ، ڕێکەوتننامەیێك ئیمزا کرد کە بە پێ ئەو ڕێکوتننامەیە دەبۆایە خەڵك چەك بکرێن . فرقە بەجێگای ئەوەی کە بۆ سەقامگیری خۆی بە ڕێکخستن و یەك دەست کردنی کۆمەڵانی خەڵك و وەرگرتنی پشتیوانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەرانسەری ئێران وهاوپشتی ویەکگرتوویی هەموو نەتەوەکانی ژێر ستەم بایەخ دابنێ ، پەرە بە جیاوازی میللی و پێ راگەیاندنەکانی ناسیونالیستی تورك و فارس دەدا و بە کردەوە زەمینە بۆ پروپاگەندی پووچەڵی دواکەوتوویی خۆش دەکرد. ئاوا سیاسەتێك سروشتیە کە لە بەردەوام بوونی خۆی ، ئاکامێك جگە لە پشت کردن بە کۆمەڵانی خەڵك و خیانەتی ئاشکرا بە ئەوان ، ئاکامێکیتری لە گەڵدا نیە . ڕای فرقە لە لایێکەوە ئەمە بوو کە چارەنووسی خەڵکی ئازەربایجان دەبێ لە لایەن خۆیانەوە دیاری بکرێ . و لە لایێکی دیکەوە تێ دەکۆشا تاکو سنوور و دەسەڵاتی دەوڵەتی خودموختار لە چوارچێوەی یاسای مەشروتە بەربەست بکات . بە پێ ئەم سیاسەتە بوو کە فرقەی ئازەربایجان سەرە ڕای سەرنج دان بە داخوازیەکانی کۆمەڵانی

←

خەڵك ، بە جێگای ئەوەی کە دامەزراندنی ئەنجوومەنەکانی ئەیالەتی و ولایەتی بداتە دەستی دەوڵەتی خودموختار، داریە ئەستوویی یاسای ئەساسی مەشروتە ، و بە وەعد و بەڵێنی دەوڵەتی مەرکەزی و مەجلیسی داهاتوو و یاسای ئەساسی مەشروتە خەریك بوو . فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە کۆتایی دا مەجلیسی میللی هەڵوەشاند و ئەنجوومەنەکانی ئەیالەتی بە جێگای ئەو دانا و لە دامەزراندنی دەوڵەتی خودموختار چاو پۆشی کرد.

ناسیونالیزمی تۆخی فرقە بووە هۆی ئەوەی کە بە جێگای بن بڕ کردنی ریشەی میللی و چینایەتی ، بە دوای هەموو شت لە فەرهەنگ و زمانی ئازەری بگەڕێ و هەوڵی دا تاکو تەنیا فەرهەنگی میللی زیندوو بکاتەوە. فرقە ، دیفاع لە نەتەوەی ئازەربایجانی تەنیا لە خوێندن و قسە کردن بە زمانی ئازەری دەبینێ. بۆیە ، سەرەڕای ئەوەی کە هندێك کاری شۆڕشگێرانە ئەنجام دا وەك دابەش کردنی زەویەکانی دەرەبەگەکان لە نێوان جووتیاران و یەکەمین زانکۆی لە ئازەربایجان دامەزراند ، بەڵام تێگەیشتنی نەبوو لە گرینگی ڕێکخستنەکانی چەکداری خەڵکی و هێزی یەکگرتووی ئەوان و نەتوانی خەباتی ئەوان ڕێك بخات. لە کۆتایی دا ، لاوازی و بێ هێزی و بێ دەسەڵاتی فرقە لە ڕێبەری و ڕاهێنانی کۆمەڵانی خەڵك ، نەبوونی پەیوەندی نزیك و پتەوی ئەم بزووتنەوەیە لە گەڵ خەباتی سەرانسەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکانیتری ئێران و نە بوونی پاڵپشتی بە ئیرادە و هێزی کۆمەڵانی خەڵکی چەکدار ، بووە هۆیَ ئەوەی کە جووڵانەوەی میللی ئازەربایجان لە ناوخۆ لاواز بێت و زەمینە بۆ لەشکر کێشی وەحشیانەی ڕێژیمی پەهلەوی ئامادە بکرێت . پاش یەك ساڵ دەسەڵاتی کۆمەڵانی خەڵك ، ئەرتشی سەرکوتگەری شا بە پێشکەوتووترین چەکەکان هاتە دەروازەکانی ئازەربایجان.کۆمەڵانی زەحمەتکێشی ئازەری بە خۆراگری قارەمانانەی خۆیان لە بەرانبەر بەکرێگیراوانی سەرکوتگەر ، حەماسەی خوێنینێك خوڵقاندن و ئیرادەی پتەوی خۆیان لە پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشگێرانەی خۆیان نیشان دا ، بەڵام لە لایێکی دیکەوە ڕێبەرانی فرقە لە ئاوا هەل و مەرجێکی چارەنووس ساز دا ، گۆڕەپانی خەبات و خۆراگریان بە جێ هێشت و بۆ یەکیەتی سۆڤیەت هەڵاتن . گرینگترین ئەزموونێك کە یەك ساڵ دامەزراندنی کۆماری خودموختاری ئازەربایجان بە جێ هێشت ، هەمان پێویستی ڕێبەری پرولەتاریا و دامەزراندنی ڕێکخستنەکانی چەکدار ، واتە ئورگانەکانی بە هێزی خەڵکی و گرینگی تێ گەیشتنی هاوسەنگی هێزەکانی میللی و نێونەتەوەیە کە ڕێبەرایەتی فرقە بە لە بەر چاو گرتنی ناوەڕۆکی چینایەتی خۆی نەیتوانی ئەوان لە بەر چاو بگرێ . تێ نەگەیشتنی ئەم بابەتە لە لایەن فرقە بووە هۆیَ هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی خودموختار ، چونکە هۆکارێك کە سەرکەوتنی خەڵکی ئازەربایجان لە دامەزراندنی حکومەتی خودموختار لەم ناوچەیە مسۆگەر کرد ، هێز و ئیرادەی کۆمەڵانی چەکداری خەڵکی تورك و هاوسەنگی گونجاوی هێزەکانی میللی و نێونەتەوەیی بوو . فرقە لە هەل و مەرجێك بە دەسەڵات گەیشت کە ئێران لە لایەن هاوپەیمانەکان داگیر کرا بوو و هێزەکانی شۆڕشگێری ئێران لە باکووری وڵات وەك ئازەربایجان لە لایەن ئەرتشی سووری یەکیەتی سۆڤیەت بە هێز کران . ئەم هەل و مەرجە تایبەتیە سەرکەوتنی خێرا و سەقامگیری ئەو تەزمین کرد . بەڵام تەنیا هۆیَ سەقامگیری ئەم سەرکەوتنە هێز و ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵك بوو . کاتێك کە هێزەکانی ئەرتشی سوور لە ئازەربایجان و ناوچەکانی باکووری ئێران دەرچوون ، هاوسەنگی هێزەکانی ناوخۆیی بە قازانجی ڕێژیمی شا گۆڕا و ئەو هێزانەی کە نەیانتوانی بوو بە گۆڕانکاری ئەساسی لە ژیانی کۆمەڵانی خەڵك ، سەرجەم جووتیاران لە پێك هاتەکانی خەڵکی ڕێك بخەن و چەکدار بکەن ، توانای ڕاوەستان لە بەرانبەر دەوڵەتی مەرکەزیان نەبوو و ڕێگایێك جگە لە سازش لە بەردەم خۆیان نەبینی .

ڕێبەرایەتی سازشکار و ریفورمیستی دەسەڵاتدار بە سەر فرقە ، لە ژێر کونترۆڵی حیزبی توودە و بە دوادا ڕۆیشتن لەم حیزبە خیانەتکارە پاش دەرچوونی ئەرتشی سوور ، بە جێگای پاڵپشتی بە هێزەکانی چەکداری خەڵکی و بە جێگای بەرەو پێش بردنی شۆڕش ، پاڵپشتی خۆی لە ئەرتشی سوور بە ئەرتشی پەهلەوی گواستەوە و لە گەڵ قەوامولسەڵتەنە لە سەر چوونیەتی بەڕێوە بردنی حکومەتی خودموختار خەریکی وت و وێژ بوو . هەڵبەتە گۆمانێك نیە کە ئەگەر لاوازی دەوڵەتی مەرکەزی دەرفەتی ئەم هێرشەی پێ نەدا بوو ، ئاوا ڕێبەرایەتی سازشکارێك ، بەرە بەرە پاشەکشەی دەکرد و دەکرایە کلکێکی حکومەتی مەرکەزی .

هەروا کە ووتمان ، جووڵانەوەی میللی ئازەربایجان بۆ جارێکیتر پێویستی ڕێبەری پرولەتاریای لە بزووتنەوەی میللی سەڵماند و نیشانی دا کە تەنیا زامنی سەرکەوتنی ئەم چەشنە جووڵانەوانە ڕێبەری چینی کرێکار و ڕاهێنانی ئەو لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستە .

## ووشەی سیاسی

### شۆڕشی فەرهەنگی

### (Revolution Cultureile)

شۆڕشی فەرهەنگی بەشێکە لە شۆڕشی سوسیالیستی و چەمکی ئەو ڕەوتە خوڵقاندن و پێك هێنانی فەرهەنگێکی نوێ و بەرزە ، واتە فەرهەنگی سوسیالیستی و تێ گەیشتن و قبوول کردنی ئەم ئایدۆلۆژی و فەرهەنگە سوسیالیستیە لە لایەن کۆمەڵانی زەحمەتکێشە . لە ڕەوتی شۆڕشی سوسیالیستی دەسەڵاتی زەحمەتکێشان دادەمەزرێ ، شێوەی بەرهەم هێنانی سوسیالیستی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی بە تەواوی نوێ و دەوڵەتی سوسیالیستی ووەدی دێت . بە پێ ئەم ئەساسەیە کە شۆڕشی فەرهەنگی پێك دێت ، فەرهەنگی نوێ و سوسیالیستی سەقامگیر دەبێ . بەم شێوە ، شۆڕشی فەرهەنگی کە بریتیە لە گەشە کردنی خێرا و هەموو لایەنەی ئاستی فەرهەنگی کۆمەڵانی خەڵك،بەشێکی پێك هێنەروبەشێکی لە بینای سوسیالیزم و خەباتی دژی دوژمنی چینایەتی و ئایدۆلۆژی ئەو دەژمێردرێ . لە مانای بنەرەتی مارکسیستی ، شۆڕشی فەرهەنگی قۆناخێکە تەواو

لە ئاڵ ُو گۆڕێکی بنەرەتی لە بواری پەرەسەندنی فەرهەنگی کۆمەلآنی خەڵك . ئەم ئاڵ و گۆڕە لە سەر ئەساسی ئیمکاناتی نوێی ئابووری و کۆمەلآیەتی و پێك هاتنی هەل ومەرجێکی نوێی مادی وسیاسی مومکین دەبێت . شۆڕشی فەرهەنگی زۆر بواری جۆر بە جۆری هەیە .

یەکەم : کاری مەزن و بیّ وێنە لە بواری پەروەردەکردن . لەم بوارەدا ، بنبڕ کردنی تەواوی نەخوێندەواری و پاشان بەرە بەرە گشتی کردنی خوێندنی سەرەتایی بە خۆرایی و مەجبووری و پاشان خوێندن لە پلەی بەرزتر و پسپوری و خوێندنی ناوەندی گشتی بۆ هەمووان ، قۆناخەکانی جۆر بە جۆری ئەم بوارە لە شۆڕشی فەرهەنگیە . سەرکەوتنی ولآتانی سوسیالیستی پێشوو لەم بوارەدا بە رادەیێك روون و ئاشکرا بوو کە پێویستی بە باس کردن نیە . لێرەدا دەبیّ لە چالاکی رێکخراوەیی و ئابووری گەورە بۆ چارە سەر کردنی ئەم بابەتە و هەروەها لە بینای قوتابخانەکان و بنیاتەکانی پەروەردە و فێر کردن کە ئەساسی مادی ئەو پێك دێنیّ ناو ببەین .

دووهەم : کاری بەربلآو و بەردەوام بۆ پەروەردەی سیاسی کۆمەلآنی خەڵك ، پەرەپێدانی ئایدۆلۆژی زانستی و بردنە سەرەوەی ئاستی تێگەیشتنی سیاسی هەموو زەحمەتکێشان ، پەروەردەی ورەی نویّ و چالاکی و تێکۆشان و تایبەتمەندیەکانی بەرزی مرۆڤایەتی و ئوسولی پایە بەرزی ئەخلاقی . لەم بوارە چالاکی بەردەوام و هەمیشەیی دوور لە هەر چەشنە هەڵس و کەوتێکی وشك و بیر کورتانە و لە هەمان حاڵدا بە شێوەێکی بنەرەتی زانستی و ئاشتی هەڵنەگر بۆ سەرکەوتن بە سەر پاشماوەکانی شێوەی بیر کردنەوەی سەرمایەداری و کۆن و ڕزیو و لە شعوور و کردەوەی مرۆڤەکان و بە سەر بۆچوونەکانی دواکەوتووانە و دژی گەلی بە ئەنجام دەگات .

سێهەم : کاری بیّ وچان و گەرورە بۆ پەروەردە کردنی رووناکبیرانی نویّ کە بە دڵ و گیانەوە بە سوسیالیزم گریّ دراون . ئەمە بۆ خۆی یەکێك لە ئامانجەکانی ئەساسی شۆڕشی فەرهەنگی دەژمێردریّ و بۆ ئەوەی کە دیسان پێویستی بە دابین کردنی مەرجەکانی مادی بیّ وێنەیە کە دروستکردن و پەرە پێدانی بنیاتەکانی پەروەردەی بالا و زانکۆکان ، بنکەکانی لێکۆڵینەوە ، قوتابخانەکانی تەکنیکی و پیشەئیەکانیتر بە شێکی ئەوانەیە . سەرنج دان بە زانست و تازەترین دەسکەوتەکانی ئەو ، پێشکەوتنی خێرای تەکنیك و کەڵك وەرگرتن لەویّ لە کار و بەرهەم هێنان ، پەروەردەی قوتابیانی زانکۆ ، لە بەرزترین ئاستی مومکینی زانستی و دابین کردنی باشترین و خۆڵقێنەرترین شوێنی مادی و مەعنەوی بۆ لێکۆڵینەوەی قوتابیانی زانکۆ و لێکۆڵینەرەکان و بۆ خۆڵقێنەرانی بەرهەمی هونەری و ئەدەبیەکان ،بابەتێکە کە بۆ پەروەردە کردنی رووناکبیرانی سوسیالیستی وەك بەشێکی گرێنگ لە شۆڕشی فەرهەنگی دەبیّ سەرنجی پیّ بدریّ . لەم بوارەدایش سەرکەوتنی ولآتانی سوسیالیستی پێشوو ئاشکرایە . دەسکەوتەکانی زانستی و تەکنیکی لەم ولآتانە بە تایبەت لە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو کە لە زۆربەی بەشە گرێنگەکانی پلەی یەکەم ، ئەو ولآتەی لە ریزی یەکەمی زانستی هاوچەرخ دادەنا ، رادەی زۆری قوتابیانی زانکۆ و دەرچووانی زانکۆکان و ئەندازیاران و دکتور و پسپورانیتر کە بووە هویّ ئاواتە خوازی هەموو ولآتانیتر ، نیشانەکانی ئەم راستیانە بوون . چوارەم : کاری بەردەوام و بەربلآو بۆ بردنە سەرەوەی ئاستی تێگەیشتن و فەرهەنگی گشتی کۆمەلآنی خەڵك بەو شێوەیە کە هەموو دەسکەوتەکانی زانستی و هونەری و ئەدەبی و هەموو نیعمەتەکانی فەرهەنگی لە بەر دەستی زەحمەتکێشان دا بێت و ئاستی زانستی گشتی کۆمەلآنی خەڵك بچێتە سەرەوە . لەم بوارەدا جۆرەکانی چالاکی و داهێنانەکان بە کار دێت کە دامەزراندنی شەبەکەی زۆر بەربلآوی کتێبخانەکان ، خوێندنگاکان و مووزەخانەکان ، شانۆکان ، سینەماکان ، هۆڵەکانی کونسێرت ، پیشانگاکان و پیشانگاکانی هونەری و کەڵك وەرگرتن لە رادیو و تەلەفزیون و کونفرانسەکان ، دامەزراندنی یانەکان و هۆڵەکانی فەرهەنگی لە گەرەکەکانی شار و شاروچکە و گوندەکان و چاپکردنی بەربلآو و بیّ وێنەی کتێبەکان بە ڕێژەی زۆر بۆ تویێژەکانی جۆر بە جۆر ، چاپی رۆژنامە و گۆڤارەکان ، وەك دامەزراندنی کۆڕ و کۆمەڵی هونەری و گروپەکانی ئاماتۆری هونەری . فەرهەنگ و زانست و هونەر و ئەدەب لە هەموو ئەم رێگایانە و لە جۆرەکانی جیاواز و بە ئاسانی لە بەر دەستی هەمووان دادەنریّ و بۆ پێك هێنانی ئاستی بەرزی فەرهەنگی گشتی کۆمەلآنی خەڵك کە لە ئەرکەکانی شۆڕشی فەرهەنگیە و بابەتی باسەکەمانە یارمەتیمان دەدات . پێنجەم : لە ناو بردنی حاڵەتی دواکەوتوویی فەرهەنگی هندێك لە ناوچەکانی ولآتێك بە نیسبەت ناوچەکانیتر ، یان تویێژێك بە نیسبەت تویێژەکانیتر ، لە ئەرکەکانی گرێنگی شۆڕشی فەرهەنگیە . لە سیستەمی سەرمایەداری هندێك لە ناوچەکان و پارێزگاکانی ولآتێك بە هویەکانی جۆر بە جۆر و یان هندێك لە تویێژەکان و یان تەنانەت نەتەوەێك لە ولآتێکی فرە نەتەوەیی ، یان کەمایەتیەکانی میللی لە بواری فەرهەنگیش سەرەرای خاڵەکانیتر لە دواکەوتوویی‌دا ڕادەگیردرێن.شۆڕشی فەرهەنگی لە سیستەمی سوسیالیستی رێگا بۆ بوژانەوەی فەرهەنگی هەموو ئەم ناوچانە و تویێژ و نەتەوانە خۆش دەکات و هەموو کۆمەڵگا بە بیّ جیاوازی دانان بە ئاستی بەرزی فەرهەنگی دەگەیێنیّ و هەموو ئیمکانات و پێداویستیەکان یەکسان لە بەر دەستی هەموو کۆمەلآنی خەڵك دادەنیّ . شەشم : یەکێکیتر لە ئەرکەکانی شۆڕشی فەرهەنگی وەرگرتن و بارهێنانی میراتەکانی فەرهەنگی رابردووە . لە هیچ کۆمەڵگایێك وەك کۆمەڵگای سوسیالیستی ئاسەوارەکانی هونەری وئەدەبی وفەرهەنگی پێشینیان لە بەر دەستی خەڵك دانانریّ . باشترین دەسکەوتەکانی فەرهەنگی سەدەکانی رابردوو ، چ لە بواری فەرهەنگی میللی و چ لە بواری فەرهەنگی جیهانی ، بە شێوەێکی بەربلآو و راستەقینە لە بەر دەستی کۆمەلآنی خەڵك دادەنریّ . شۆڕشی فەرهەنگی و دامەزراندنی فەرهەنگی سوسیالیستی بە هیچ شێوەێك بە مانای لە ناو بردنی میراتی رابردوو نیە . فەرهەنگ سەرجەم بایەخەکانی مادی و مەعنەویە کە مرۆڤ بە درێژایی مێژووی کۆمەلآیەتی خۆڵقاندویەتی و دەسکەوتەکانی پێشکەوتوو ومرۆڤانەی ئەو لە بواری مادی و زانست و هونەر و رێکخستنی کۆمەڵگا و شێوەی ژیانی خەڵك و بنەمای پەرەساندنی داهاتووی فەرهەنگی سوسیالیستی قۆناخی نویّ و ناوەرۆکی بەرزتری پەرەسەندنی فەرهەنگجی مرۆڤایەتی و سەرجەم گەورەترین سەرکەوتنەکانی فەرهەنگی رابردووە .

ئاوایە کە بە کورتی هندێك بواری شۆڕشی فەرهەنگی لە مانای مارکسیستی _ لنینیستی ، بریتیە لەو شۆڕشە کە بەشێکە لە شۆڕشی سوسیالیستی و دامەزراندنی کۆمەڵگای نویّ . شۆڕشی فەرهەنگی دەبێتە هویّ بەرز بوونەوەی ئاستی فەرهەنگی کۆمەلآنی بەربلآوی خەڵك ، زەحمەتکێشان لە کۆیلە بوونی مەعنەوی و نەزانی ڕزگار دەکات و ئەوانەلە گەلّ دەسکەوتەکانی فەرهەنگی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کۆی کردووتەوە ، تەیار دەکات ، رۆیشتنێکی راستەقینە بەرەو لوتکەکانی زانست و فەرهەنگ و هونەرە . و کۆمەلانی خەڵك بۆ بەشداری لە هەر چی زۆرتر و رۆژ بە رۆژ زیاتر لە بەرێوەبەری کاروباری کۆمەڵگا و سیاسەت و فەرهەنگ و ئابووری ئامادەدەکات و رۆڵی بەرچاوی خۆی لە خۆڵقاندنی مرۆڤی نویّ و کۆمەڵگای کۆمۆنیستی دەبینیّ .

بلآو کراوەکانی کار کمونیستی ، جهان کمونیستی و ریگای گەل و
هەروەها تازەترین راگەیاندراوەکانی رێکخراو لە سایتی
www.fedayi.org . رێکخراو وەرگرن